کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
8-10-2007 19:45بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## لێكدانەوەی پرۆژە بڕیارەكەی كۆنگرێس لەمەڕ پرسی دابەشكردنی عێراق ... رفعت مزوری



دوا بەدوای پەسەند كردنی پرۆژە بڕیاری دابەش كردنی عێراق بۆ سی هەرێمی فیدرالی لە لایەن زۆرینە واتە بە ڕێژەی 75% ی ئەندامانی ئەنجومەنی پیران كە لە لایەن سیناتۆری ئەمریكی جۆزێف بایدن و بەهاوكاری لیزلی گلیبی سەرۆكی پێشووی لیژنەی پەیوەندیەكانی دەرەوەی كۆنگرێس پرۆژەكە ئامادە كرابوو، لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق چەندین ڕای توندو جیاوازی دروست كرد، بە تایبەت حكومەت و پەرلەمانی عێراق كە ئەمەی بە دەستكاریكردنێكی نارەوای نێو كارەكانی تایبەت بە عێراقییەكان وەسف كرد، لایەنی كوردستانیش ئەمە بە چارەسەرێكی گونجاوی كێشەكانی عێراق دادەنێت بەلام بەمەرجی دوای جێبەجێكردنی ماددەی سەدو چل و پرسی كەركوك بێت ئەگینا بە زەرەری كورد تەواو دەبێت. گەر سەرنج لە ناوەرۆكی پرۆژە بڕیارەكە بدرێت لێكدانەوەیەكی ووردو درشتی تێدا دەبینرێت، لەوانە دانانی وادەیەك بۆ كشانەوەی هێزە ئەمریكیەكان كە بەبی زیان و كەوتنەوەی ئاژاوە لە عێراق وەدەرچن و دواتر داوای دروستكردنی عێراقێكی ئیتیحادی فیدرالی و بوشایەكی سەربەخۆ بۆ كورد و سوونە و شیعە لە سی هەرێمی جیادا دەكات و جگە لەمەش حكومەتێكی ناوەندی لە بەغدا ڕۆلی لە پاراستنی ئاسایشی سنوورەكان و بەشینەوەی داهات و سەرچاوە سروشتییەكان بگێرێت. هەروەها دوای پێكهێنانی سی هەرێمەكە بۆ ئەوەی لێك تێنەگەیشتن و ئالۆزكاری لە نێوانیاندا دروست نەبێت، لیژنەكە داوای پێكهێنانی گرۆپێكی پەیوەندی هاوبەشی نێوانیان دەكات كە چاودێری بەردەوام بێت لەسەر پەیوەندیەكانیان و پارستنی بەرژەوەندیەكان، سەرەرای وەرگرتنی بەلێنی دراوسێكان بۆ پاراستی سەروەری ولاتەكەیان. لە لایەكی تریشەوە مەرەم تێیدا كەمكردنەوەی بەشێكی زۆری هێزەكانی ئەمریكایە لە هاوینی سالی داهاتوودا و لە هەمبەریشدا هێزێكی پرچەك و پوخت لە عێراقیەكان دروست بكرێت كە پاراستنی ئەمنیەتی ولاتەكەیان، خۆیان بگرنە ئەستۆ. راپۆرتەكە ئامازە بە مەترسی ئەوەش دەكات كە هێزە میلیشیاكان و تایفییەكان هێواش هێواش دزە بۆ نێو ڕیزی هێزەكانی عێراقی دەكەن، كە لەبەر هۆكاری پێشكەوتنی داروبەندی قاعیدە و میلیشیاكان لەم چەند مانگەی رابردوودا نزیكەی 250 هەزار عێراقی مال و حالیان جێهێشتووە. بۆیە پرۆژە بریارەكە دابەشبوون بە چارەسەری نەهێشتنی توندوتیژیە تایفییەكان دادەنێت لە جیاتی ئەوەی پاشە ڕۆژ بە توندوتیژی ئەو سی لایەنە لە یەكتر جودا ببنەوە. هەروەها راپۆرتەكە بۆسنە وەك نموونە دەهێنێتەوە كە بەهۆی پاكتاوی ڕەگەزییەوە لێك ترازابوو، بەلام كاتێك ئەمریكا دەستی خستە نێو كێشەكەیان هەرێمی فیدرالیی لێی كردەوە، دوای ئەمەش بۆسنیەكان ئێستا لە نێو ئاشتیدا دەژین و لە هەولی پتەوكردنی حكومەتی هەمیشەیی خۆیانن. هەروەها راپۆرتەكە خۆی وەك بەربەستێك بۆ هەر حالەتێكی چاوەروان نەكراو كە لە عێراق ڕوودات دادەنێت. بڕیارەكەی بە هاوكۆف دادەنێت لەگەل دەستوورو یاسای فیدرالیزم كە لە 11ی ئۆكتوبەرەوە پەرلەمانی عێراق پەسەندی كرد. وا دەبینرێت راپۆرتەكە لە هەول و كوششی عێراقییەكان بی ئومێد بێت، بۆیە داوا لە ئەمریكا دەكات كە بە ئەزموونی خۆی هەلسێتە سەرپی لە چارەسەری تەڤ پرسەكاندا و دەلی" گەر فیدرالیزم جێبەجێ كرا میلیشیاكان مەجبور دەمێنن بكشێنەوەو هەرێمەكانیان بۆ پاراستنی دەسەلاتی خۆیان لە بڕی كوشتنی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەندامانی گرۆپەکانی دیکە پێش بخەن، بەلام ئەمەش هەر بە چارەسەری کاتی دائەنێت چونکە نالوێت هیچ ولاتێك تا سەر هەر بە ئاشتیانە بژیت بە تایبەت کە خاوەنی چەندین نەتەوەو و هەرێم و سوپای جیاجیا بێت. هەروەها ناوەرۆکی راپۆرتەکە بە نێو چەندین مەسەلەی هەستیاردا چووتەوە لەوانە دۆزینەوەی چارەسەری کێشەی پێکەوە ژیانە لە نێو شارە گەورەکاندا لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە پرۆژە بریارەکە وەك دەربێك دژ بە ئێران وەسف دەکات، چونکە دەلێت" ئێران بەو وەزعەی ئێستای عێراق مورتاحە و حەزیش دەکات هەروا بگوزەرێت، کەچی گەر شەرێکی ناوخۆ لە عێراق بەرپا بێت بێگومان ئێرانیش تێوە دەگلێت و بەشێکی زۆری پەنابەرانی عێراقی رووی تێ دەکەن کە ئەمەش ئێران پێوەگیر دەکات. هەروەها دیارە ئێران پشتگیری خۆی بۆ لایەنی شیعی عێراقی نابرێت و لە هەولی ئەوەدایە کە خۆی لە ئاوێنەی سەرۆکایەتی کردنی جیهانی ئیسلامیدا ببینێتەوە. ئەوەی دابەش بوونەکە زیاتر ئێران نیگەرانتر دەکات ئەوەیە گەر هەرێمی کوردستانی باشوور پێکهات ئەی پێنج ملیون کوردەی ئەوی ئەوها دەساودەست ئەوەستێت؟.

هەروەها بۆ سوونەکانیش ئاشکرا دەبێت کە جارێکی تر خەون بە دەسەلاتی زۆرینە نابیننەوە بەلکو وەك کەمینەیەك هەمیشە لە نێو حکوومەتدا دەمیننەوە و بەشێکی داهاتەکانیش بەپێی پێگەی خۆیان بەردەکەوێت و شیعەکانیش پێك هێنەری زۆرینەن، بەلام ناتوانن شکست بە سوونەکان بهێنن چونکە ئەوانیش توانای ئەوەیان هەیە بۆ چەند سالێك عێراق خوێناوی و پەرتەوازە بکەن. کوردەکانیش هەرگاڤ خەون بە سەربەخۆوە دەبینن بەلام ئەوەی بۆیان بوەتە دەردوگرفت کاردانەوەی نیگەتیڤانەی تورك و فارسە. راپۆرتەکە لە کۆتاییدا دێتەسەر ئەوەی کە پێویستە کورد و شیعە واز لە هەندی داهاتی نەوت بۆ سوونەکان بهێنن چونکە ئەمە دەبێتە هۆی پارستنی نرخی ئاشتی لە لایەك و راکێشانی سەرنجی وەبەرهێنەرانی بیانی بۆ خستنە گەری پرۆژەی وەبەرهێنانیان و زیادکردنی بەرهەمی نەوتی عێراق لە لایەکی ترەوە، کە ئەمەش هۆکارێکی ئیجابی و مانەوە دەبێت لە راگرتنی بەهای نەتەوەیی و پاراستنی ژێرخانی ئابووری وولات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.